

## *Banjo*

ووشه ی(Banjo)یا ( بانجۆ ) ، ناوی یەکێکە لە ئنسترومێنتە موزیکییە ژێدارەکان کە
ئەم ئنسترومێنتە لە سندوقێکی دەنگیی پێکدێت کە ڕووکەشی سندوقەکە بە
پلاستیک داپۆشراوە ، وە بەم سندوقەوە دەستێکی یا ملێکی درێژ هەیە کە
لەوێدا شوێنی دانانی پەنجەکان بە پەردە یا خانەی جیا جیا دەست نیشان کراون.
ژمارەی ژێیەکانی ئەم ئنسرومێنتە ( پێنج ) دانە ژێیە و ڕیزبەندی ژێیەکانیشی
بەم شێوەیە دەبێت ( ڕێ ، سی ، سۆل ، ڕێ ، سۆل ) کە دیارە ئەمانە ناوی
ژێیەکانەو هەریەکێکیان لەسەر یەکێک لە دەنگە موزیکییەکان کۆک دەکرێت ،
وە قەبارەی ژێیەکان بەپێی ئەستوری و باریکیان سروشتی دەنگیان دەگۆڕێت .
ئەم ئنسترومێنتە موزیکییە لە وولاتە یەکگرتووەکانی ( ئەمریکا ) بە شێوەیەکی
زۆر بەرچاو بەکارهاتووەو تا ئەمڕۆش هەر بەکاری دێنن ، کە دیارە ئەم
ئنستروومێنتە لەڕێگەی ( ئەفریقیە ڕەش پێستەکانەوە ) گەیشتووەتە ئەو وولاتە
لە لایەکی دییەوە ، ئەم ئنسترومێنتە موزیکییە لە زۆر لە وولاتانی تری دنیادا
بە گرنگییەوە بەکاردێت بە تایبەتی لە وولاتەکانی ( ئەورووپای ڕۆژهەلات ) وە
بە تایبەتیش لە تەک گۆرانییە سەماییە فۆلکلۆرییەکاندا بەکاردێت ، وە لە
وولاتی ( ئەمریکا ) زیاتر لە موزیکی سەمایی ( جاز ) دا بەکاردێت .
لێرەدا کاتێک کە باس لە ئنسترومێنتی موزیکیی (Banjo)دەکەین ناکرێت کە
ڕۆڵی بەرچاوی موزیکازان (legenden Earl) لە بیر بکەین کە ئەم
ئنسترومێنتە موزیکییەی گەیاندووە بەو شێوە مۆدێرنەی کە ئێستا هەیە .
بۆ زیاتر ناسینی ئەم ئنسترومێنتە بڕوانە نمونەی وێنەکەی .
Muzic-Chrakan